خالید شوانی: هیچ زیندانییەکی داعش ڕەوانەی هەرێمی کوردستان ناکرێت



وەزیری دادی عێراق ئاشکرای دەکات، پرسەی گواستنەوەی زیندانییانی داعش لە سووریاوە بۆ عێراق بەردەوام و ژمارەیان پێنج هەزاری تێپەڕاندووە، جەختیش دەکاتەوە کە ئەو چەکدارانە ڕەوانەی زیندانەکانی هەرێمی کوردستان ناکرێن و لەلایەن دەستێکی دادوەریی تایبەتەوە دادگایی دەکرێن.

چوارشەممە 11ـی شوباتی 2026، خالید شوانی، وەزیری دادی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەنووسان کەموتێع بێدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند، ئەو چەکدارانەی داعش کە لە سووریاوە دێگوازرێنەوە بۆ عێراق، بۆ هیچ شوێنێک ڕەوانەی زیندانەکانی هەرێمی کوردستان ناکرێن. ناوبراو ڕوونی کردەوە کە هەردوو زیندانی چەمچەماڵ و سووسە تایبەتن بۆ تاوانە گشتییەکان نەک تیرۆر، بۆیە چەکدارانی داعش لە زیندانی تایبەت بە تیرۆر لە ناوچەکاست و باشووری عێراقدا دەهێدرێنەوە.

سەبارەت بە ئاماری زیندانییە گواستراوەکان، وەزیری داد ئاشکرای کرد، تا ئێستا پێنج هەزار و 46 زیندانیی داعش لە سووریاوە گواستراونەتەوە بۆ عێراق و پێشبینی دەکرێت ژمارەکە بگاتە شەش هەزار کەس. ئاماژەی بەوەش دا، سەرجەم ئەو زیندانییانە لەژێر سەرپەرشتیی ئینجوومەنی باڵای دادوەری و

لەلایەن دەستێکی دادوەری پسپۆڕەوە لە عێراق دادگایی دەکرێن.

خالید شوانی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد، زۆربەی زیندانییەکان هەڵگری ڕەگەزنامەی بیانیی نزیکەی 60 وڵاتی جیاوازن. لەوبارەیشەوە لەگەڵ هاوپەیمانیی نەوەوتی و وڵاتانی پەیوەندیدار لە پەیوەندیی بەردەوامدان تاوەکوو دوای تەواوبوونی دادگاییەکیان، وڵاتەکانیان وەربانبگرنەوە.